# وەقایعی کوردستان


رۆژنـامـەی ڕەسـمیی هـەرێمی کـوردسـتانە - وەزارەتـی داد دەری دەکـات

ژمارە (٢٩٤) ساڵی بیست و دوو ٢٤/ تشرینی دووەم/ ٢٠٢٢/ زاینیی ٣/سەرماوەرز/٢٧٢٢/ کوردی ٣٠/ربیعی دووەم/ ١٤٤٤ کۆچی

294



**بڕیاری ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق** ل ١

قبووڵکردنی دەست لەکارکێشانەوەی (شایان کاکەصالح محمد) لە ئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان

**بڕیاری ژمارە (١٧٩)ی ساڵی ٢٠٢٢ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** ل ٢

هەموارکردنی بڕیاری ژمارە (١٢٦)ی ٢٠١٧ تایبەت بە کرێی خزمەتگوزاریی شارەوانییەکان

**ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی** ل ٣

ڕێنمایی یەکسانکردنی بڕوانامەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق

**ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو** ل ١١

تایبەت بە دروست کردنی پۆند

**ڕێنمایی ژمارە(٨)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی تەندروستی** ل ١٤

تایبەت بە ڕێکخستنەوەی نرخ و ڕێژە و شایستەکان لە نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی کەرتی تایبەت

**ڕێنمایی ژمارە(١١)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی تەندروستی** ل ١٧

وەسفی پیشەیی بۆ پسپۆڕی پزیشکی سڕکار

**ڕێنمایی ژمارە(١٦)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ل ٢٢

تایبەت بە کرێی دانانی تاوەر

**ڕێنمایی ژمارە(١٧)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ل ٢٣

هەموارکردنی ڕێنمایی ژمارە(٢٧)ی ساڵی ٢٠٢٠

**ڕێنمایی ژمارە(١٨)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ل ٢٤

تایبەت بە هەژمارکردنی ڕاژەی پێشمەرگایەتی

**ڕێنمایی دارایی ژمارە(١٩)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ل ٢٥

**بڕیاری ساڵی ٢٠٢٢ ئەنجومەنی دادوەری** ل ٢٦

**بەیانی ژمارە (١٨ - ١٩ - ٢٠)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی داد** ل ٢٦

**بەیانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی ناوخۆ** ل ٢٨

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو** ل ٢٩

**بەیانی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی** ل ٢٩

**بەیانی ژمارە (٥٨- ٥٩ - ٦٠ - ٦١ - ٦٢ - ٦٣ - ٦٤ - ٦٥ )ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی تەندروستی** ل ٣٠



Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

ناونیشان: هەولێر - چوارڕیانی فرەنسوا میتران - باڵەخانەی وەزارەتی داد
تەلەفۆن: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢٩٤) السنة الثاني و العشرون ٢٤/ تشرين الثانى /٢٠٢٢ ميلادي ٣/ سەرماوەرز / ٢٧٢٢/ كوردي ٣٠/ربيع الثانى/١٤٤٤هجري

294

**قرار رقم (٢) لسنة ٢٠٢٢ برلمان كوردستان – العراق** ص ٣٢

قبول استقالة السيدة (شايان كاكەصالح محمد) من عضوية برلمان كوردستان

## فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط

**قرار رقم (١٧٩) لسنة ٢٠٢٢ رئاسة مجلس الوزراء** ص ٢

**تعليمات رقم (٥) لسنة ٢٠٢٢ وزارة التعليم العالي والبحث العلمي** ص ٣

**تعليمات رقم (٥) لسنة ٢٠٢٢ وزارة الزراعة والموارد المائية** ص ١١

**تعليمات رقم (٨) لسنة ٢٠٢٢ وزارة الصحة** ص ١٤

**تعليمات رقم (١١) لسنة ٢٠٢٢ وزارة الصحة** ص ١٧

**تعليمات رقم (١٦) لسنة ٢٠٢٢ وزارة المالية والاقتصاد** ص ٢٢

**تعليمات رقم (١٧) لسنة ٢٠٢٢ وزارة المالية والاقتصاد** ص ٢٣

**تعليمات رقم (١٨) لسنة ٢٠٢٢ وزارة المالية والاقتصاد** ص ٢٤

**تعليمات رقم (١٩) لسنة ٢٠٢٢ وزارة المالية والاقتصاد** ص ٢٥

**قرار لسنة ٢٠٢٢ مجلس القضاء** ص ٢٦

**بيان رقم (١٨ – ١٩ - ٢٠) لسنة ٢٠٢٢ وزارة العدل** ص ٢٦

**بيان رقم (٢٤) لسنة ٢٠٢٢ وزارة الداخلية** ص ٢٨

**بيان رقم (١) لسنة ٢٠٢٢ وزارة الزراعة والموارد المائية** ص ٢٩

**بيان رقم (٢٠) لسنة ٢٠٢٢ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية** ص ٢٩

**بيان رقم (٥٨ - ٥٩ - ٦٠ - ٦١ - ٦٢ - ٦٣ - ٦٤ - ٦٥) لسنة ٢٠٢٢ وزارة الصحة** ص ٣٠

**No. 294 Date: November , 24 , 2022 Vol.: 22**

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٠٦٦٢٢٤٥٥٠٨ - ٠٦٦٢٢٤٥٥٠٧ - ٠٦٦٢٢٤٥٥١٤

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٢**
**مێژووی بڕیار: ٢٠٢٢/١١/١٦**

**بڕیاری ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠**

پشت بە حوکمی بڕگەی (٢)ی ماددەی (٤٣) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، و خاڵی (١ ، ٢) لە بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (٢٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٣)ی رۆژی ٢٠٢٢/١١/١٦ ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:-

**یەکەم:** قبووڵکردنی دەست لەکارکێشانەوەی بەڕێز (شایان کاکەصالح محمد) لە ئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان - عێراق.

**دووەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونی لە ٢٠٢٢/١١/١٦ جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**د. رێواز فائق حسێن**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە: ١٦٠١٧ لە ٢٠٢٢/١١/٣**

**بڕیاری ژمارە (١٧٩)ی ساڵی ٢٠٢٢**

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی(٨) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو ، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بە نووسراویان ژمارە (٣٢٠٩) لە ٢٠٢٢/٣/١٧ ، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٩٥) لە ٢٠٢٢/١٠/٢٦ ، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١- هەموارکردنی بڕگەی (٥) لە خشتەی ژمارە (٢)ی هاوپێچی بڕیاری پێشووی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٢٦) لە ٢٠١٧/١٢/٥ تایبەت بە (خشتەی کرێی خزمەتگوزاریی شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان) و بەم جۆرە دەخوێنرێتەوە :

(بڕی کرێی ساڵانەی ناوچە پیشەسازییەکان بۆ ئەو زەوییانەی تەرخانکراون بۆ پیشەکان لە ناوچەی پیشەسازی بەو بڕە پارانەی لە خشتەکەدا هاتووە تەنها بۆ حاڵەتی بەکرێدان بۆ جاری یەکەم دەبێت و دواتر بە گوێرەی یاسای فرۆشتن و بە کرێدانی موڵک وماڵی دەوڵەت مامەڵە دەکرێت).

٢- بەکرێدانی زەوی لە ناوچە پیشەسازییەکان تەنها بۆ مەبەستی پیشەیی ئەو ناوچانە دەبێت و ڕێگا نادرێت کەسانی دیکە کە خاوەنی هیچ پیشە و چالاکییەکی پیشەسازی نین بەشداریی لە پرۆسەی بەکرێدانی ئەو زەوییانە بکەن بە مەبەستی سوودی ناڕەوا لەو زەوییانە .

٣- جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە نابێت ببێتە هۆی بەربەست لە بەردەم برەودان بەپیشە و پرۆژە پیشەسازییەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەم مەبەستەش وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەردەکات .

٤- سەرجەم وەزارەت و لایەن پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی(وەقایعی کوردستان).

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**ژمارە: ٢٠٥٣١ لە ٢٠٢٢/١١/١٥**

پاڵپشت بە بڕگەی (چوارەم) لە ماددەی(پێنجەم) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەموارکراو، وکۆبوونەوەی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢ ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ئەم ڕێنماییە دەرکرا :

**ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**ڕێنمایی یەکسانکردنی بڕوانامەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

**ماددەی (١): مەبەست لە یەکسانکردنی بڕوانامەکان:**

یەکسانکردنی بڕوانامەکان بریتیە لە هەڵسەنگاندن و هاوتاکردن لە ڕووی جۆرێتی و پسپۆری و یەکەکانی خوێندنی ئەو بڕوانامانەی کە لەدەرەوەی عێراق لە دوای خوێندنی ئامادەیی بەدەستهاتوون. هەڵگرانی بروانامەکانی دەرەوە کە دەیانەوێت کار بە بروانامەکانیان بکەن یان درێژە بەخوێندن لە هەرێمی کوردستان - عێراق بدەن، پێویستە بڕوانامەکانیان هاوتا بکرێت بەپێی ئەو مەرج و پێداویستییانەی لەم ڕێنماییەدا هاتووە.

**ماددەی (٢): لیژنەی ناوەندی یەکسانکردنی بڕوانامەکان:**

١- یەکسانکردنی بڕوانامەکان لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتمەند ئەنجامدەدرێت، بەناوی لیژنەی ناوەندی یەکسانکردنی بڕوانامەکان ، کە ساڵانە بە فەرمانێکی وەزاری پێکدەهێندرێت و بە شێوەیەکی سەربەخۆ و داخراو کارەکانی ئەنجامدەدات.

٢- لیژنەی ناوەندی یەکسانکردنی بڕوانامەکان لە سەرۆك و سەرۆکی تیمە پسپۆریەکان و چەند ئەندامێک پێك دێت، کە بەپێی پسپۆریەکانیان بەسەر تیمەکاندا دابەشدەکرێن و پێکدێن لە مامۆستایانی پسپۆڕ کە هەڵگری بروانامەی (دکتۆرا) و نازناوی زانستی مامۆستا کەمتر نەبن، بەڕەچاوکردنی ئەوەی زۆرینەیان لەدەرەوەی وڵات خوێندنیان تەواوکردبێت.

٣- ژمارەی ئەندامانی لیژنە لەنێوان ١٣-١٧ کەس پێکدێت. هاوکات لیژنە بۆی هەیە بانگهێشتی پسپۆڕی بوارەکان بۆ یەکلایکردنەوە و پەسەندکردنی کەیسە ئاڵۆزەکان بکات. بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی یەکسانکردنی بڕوانامەکان دەبێتە بڕیاردەری لیژنە.

٤- لیژنە دەسەڵاتی تەواوی هەیە بۆ پەسەندکردنی پسپۆڕی و جۆری بڕوانامە و یەکەی ئەکادیمی وەرگیراو، لەگەڵ ماوەی خوێندن و شێوازی خوێندن.

٥- پێشکەشکار بۆی هەیە لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی ئاگادارکردنەوەی بە بڕیاری یەکسانکردنی بڕوانامەکەی، تانە بگرێت و دوای ئەو ماوەیە مافی تانەگرتنی نامێنێت. ئەگەر تانەگر بە پێداچوونەوە و بڕیاری لیژنە ڕازی نەبوو، ئەوا بەڕێوەبەری گشتی نێردراوان و پەیوەندییە ڕۆشنبیرییەکان بە ڕەزامەندی وەزیر دەسەڵاتی هەیە کەیسەکە بنێرێ بۆ لیژنەیەکی پسپۆڕی دیکە بەشێوەی داخراو. بڕیاری ئەو لیژنەیە کۆتایی دەبێت.

٦- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەندامانی لیژنەی ناوەندی یەکسانکردن تەنها بۆ ئەو پێشکەشکارانە دەبێت کە تانەیان لە یەکسانکردنی بڕوانامەکانیان هەیە، ئەمەش لە کاتێکدا ئەگەر تانەکەیان قبوڵ کراوبێت، یاخود ئەو پێشکەشکارانەی کە لیژنە خۆی داوایان دەکات. وەرگرتنی ڕای لیژنە لە دەرەوەی وەزارەت سەبارەت بە پسپۆری، یاخود جۆری بڕوانامە ڕێگەپێدراو نیە، مەگەر لیژنە خۆی داوای بینینی کەسی داواکار بکات بۆ ڕوونکردنەوە.

**ماددەی (٣): مامەڵەی یەکسانکردنی بروانامەکان:**

١- مامەڵەی پێشکەشکردنی یەکسانکردنی بڕوانامەکان بە شێوەی ئۆنلاین لەڕێگەی وێبسایتی (https://equalization.digital.gov.krd) دەبێت.

٢- پێویستە پێشکەشکار بەر لە دەستپێکردنی خوێندن، فۆرمی نێردراوانی بەشێوەی ئۆنلاین پڕکردبێتەوە و کۆدی وەرگرتبێت لەم لینکە (https://scholarship.digital.gov.krd ) ئەمەش وەک یەکێک لە مەرجەکانی یەکسانکردنی بڕوانامەکەی هەژماردەکرێت.

٣- بۆ سەرجەم بڕوانامەکانی خوێندنی بالا (دیپلۆمی تەکنیکی- بەکالۆریۆس – دیپلۆمی بالا – ماستەر- دکتۆرا) پێویستە بڕوانامەکە لە زانکۆیەکدا بە دەستهێنرابێت کە لە لیستی زانکۆ باوەڕپێکراوەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵادا هەبێت، بەپێچەوانەوە یەکسانکردنی بڕوانامەی بۆ ناکرێت، جگە لەو سکۆلەرشیپانەی کە وەزارەت قبوڵیکردووە.

٤- بۆ پێشکەشکارانی عێراقی (دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان)، لیستی زانکۆ باوەڕپێکراوەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراق قبوڵدەکرێت. بۆ پێشکەشکارانی دەرەوە، چاوپۆشی لە لیستی زانکۆ باوەڕپێکراوەکانی وەزارەت دەکرێت، بە مەرجێک زانکۆکەی لە لیستی (یونسکۆ) یاخود وێبسایتەکانی (شانگهای) و (تایمس ) بوونی هەبێت.

٥- بڕوانامەی پێشکەشکراو ( دیپلۆما - جداری) و ( نمره- ترانسکرێپت) و ( دیپلۆما سەپڵیمێنت) یاخود یەکێکیان، پێویستە لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی خوێندن و باڵیۆزخانەی عێراق یاخود نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە وڵاتی خوێندن پەسەند (مۆر و ئیمزا) کرابێت، بە پێچەوانەوە مامەڵەکەی ڕایی ناکرێت.

٦- هەر بڕوانامەیەک کە بە زمانی ئینگلیزی یاخود عەرەبی نەبێت پێویستە لە وڵاتی خوێندن وەربگێردرێتە سەر زمانی ئینگلیزی و کۆپیە وەرگێردراوەکەش لەلایەن باڵیۆزخانەی عێراق یاخود نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە وڵاتی خوێندن پەسەند کرابێت ( مۆر و ئیمزا کرابێت).

٧- بۆ یەکسانکردنی هەر بڕوانامەیەک پێویستە بڕوانامەی پێش خۆی لەگەڵدابێت، وێڕای ئەوەی لە چۆنێتی و ڕاستی و دروستی دەکۆڵدرێتەوە، بەڵام تەنها بروانامەی داواکراو یەکسانکردنی بۆ دەکرێت. ئەگەر چەند بڕوانامەیەك بە دوای یەکدا لە دەرەوە بەدەستهاتبوون، تەنها بروانامەی

داواکراو یەکسانکردنی بۆ دەکرێت. بۆ یەکسانکردنی بروانامەی بەکالۆریۆس ، بڕوانامەی ئامادەیی، یاخود هەر بروانامەیەک کە بووەتە هۆی وەرگرتنی لە بەکالۆریۆس لە دەرەوەی عێراق ، پێویستە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرابەرکردنی بۆ بکرێت.

٨- هەر هاووڵاتیەکی بیانی کە لە وڵاتێکی جگە لە وڵاتی خۆی بڕوانامەی بەدەستهێنابێت، پێویستە لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی خوێندن پەسەند(مۆر و ئیمزا) کرابێت.

٩- خوێندنی ماستەر تەنها بەشێوازی (کۆرسات و نامە) دانپێدانراوە.

١٠-خوێندنی دکتۆرا بە هەردوو شێوازی (کۆرسات و توێژینەوە، یان تەنها توێژینەوە) ڕێگەپێدراوە، بە مەرجێك پێشکەشکار ماوەی مانەوەی پێویستی لە وڵاتی خوێندن هەبووبێت.

١١-بڕوانامەی پەیمانگا (دوو ساڵ خوێندن دوای ئامادەیی) وەک دیپلۆمی تەکنیکی هەژماردەکرێت و یەکسانکردنی بۆ دەکرێت.

١٢- بڕوانامەی ڕاهێنان (نەندیگری ترەینینگ) لە بواری پزیشکی دانپێدانراو نیە و یەکسانکردنی بۆ ناکرێت و ناچێتە چوارچێوەی بڕوانامەی ئەکادیمیەوە.

١٣- پێویستە خوێندن بە زمانی فەرمی ئەو وڵاتە بێت کە تیایدا دەخوێندرێت، یاخود بە زمانی ئینگلیزی. پێشکەشکار پێویستە بڕوانامەی کۆرسی زمانی ئەو وڵاتەی هەبێت کە خوێندنەکەی پێتەواوکردووە و نامەکەی پێنوسیوە، جگە لە خوێندن لە وڵاتە عەرەبیەکان.

١٤- ئەو تێزی دکتۆرا و ماستەرنامەی بە زمانی ئینگلیزی یاخود عەرەبی نەنوسراون، پێویستە بەشێکی لەلایەن وەرگێڕی یاساییەوە وەربگێردرێتە سەر زمانی ئینگلیزی و لەلایەن فەرمانگەی دادنوسیەوە پەسەندکرابێت. وە ئەو بەشانەی وەردەگێردرێت پێویستە ئەمانە لە خۆی بگرێت:
Abstract , Table of Content, Introduction, Summary of Each Part, and (Conclusion)

١٥- بڕوانامە بە هەمان ئەو ناونیشانە یەکساندەکرێت و دەنوسرێتەوە کە لە وڵاتی خوێندن بەدەست هاتووە و لەسەر بڕوانامەی دیپلۆما (جداری) نوسراوە.

١٦- بەمەبەستی ئەنجامدانی مامەڵەی یەکسانکردنی بڕوانامە بۆ کەسانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، پێویستە کارتی مانەوە و نیشتەجێبونیان لە هەرێم هەبێت و ماوەی بەسەرچونی کارتەکە لە (٣ ) مانگ کەمتر نەبێت. ئەم مەرجە ئەو فێرخوازانە ناگرێتەوە کە بەمەبەستی خوێندن لە زانکۆکانی کوردستان مامەڵە پێشکەش دەکەن.

١٧- هەموو ئەو بڕوانامانەی کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان یەکسانکردنیان بۆ کراوە، بۆ کارکردن لە هەرێمی کوردستان پێویستە بەپێی مەرجەکانی ئەم ڕێنماییە یەکسانکردنیان بۆ ئەنجامبدرێتەوە.

١٨- یەکسانکردنی بڕوانامەی بە نمرە، لەلایەن لیژنەی یەکسانکردنی کۆنمرەوە ئەنجام دەدرێت، کە بە فەرمانێکی وزاری پێکدەهێنرێت.

١٩- سەبارەت بەمەرجی کۆنمرەی ئامادەیی بۆ خوێندنی بەکالۆریۆس لە بواری پزیشکی و ئەندازیاری، کار بە فەرمانی وەزاریمان ژمارە (٣٤٤) لە (٢٠١٦/٣/٣٠) دەکرێت، بەم شێوەیە: (پزیشکی گشتی ٨٥٪، پزیشکی ددان و دەرمانسازی ٨٠٪، ئەندازیاری ٧٥٪). بۆ لابردنی وانەکانی زمانی عەرەبی و کوردی بەمەبەستی بەرزکردنەوەی کۆنمرەی دەرچووانی ئامادەیی، هاوشێوەی وەرگرتنی قوتابیان/خوێندکاران لە زانکۆکانی ناوخۆدا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

٢٠- هەڵگرانی بڕوانامەی پەیمانگای تەکنیکی، کە لە بوارەکانی 'پزیشکی و ئەندازیاری' بەکالۆریۆسیان لەدەرەوە خوێندووە، کۆنمرەی ئامادەییان بۆ هەژمار دەکرێت. مەگەر بروانامەی پێشووی تەواو پەیوەست بێت بە بروانامە نوێیەکەی و کۆنمرەی لە (٨٠٪ بۆ پزیشکی و٧٠٪ بۆ ئەندازیاری) کەمتر نەبێت. هاوکات بەریەکخستنی زانستی (المقاصة العلمية)یان بۆ نەکرابێت و لەسەرەتاوە دەستیان بە خوێندن کردبێت. هەروەها هەڵگرانی بروانامەی بەکالۆریۆس، کە لە بوارەکانی 'پزیشکی و ئەندازیاری' بەکالۆریوسیان لەدەرەوە خوێندووەتەوە، کۆنمرەی ئامادەییان بۆ هەژمار دەکرێت. مەگەر بروانامەی پێشووی تەواو پەیوەست بێت بە بروانامە نوێیەکەی و کۆنمرەی (٨٠٪ بۆ پزیشکی و٧٠٪ بۆ ئەندازیاری) کەمتر نەبێت و یەکەی پێویستی بەدەستهێنابێت و لەسەرەتاوە دەستیان بە خوێندن کردبێت و بەریەکخستنی زانستی (المقاصة العلمية)یان بۆ نەکرابێت.

٢١- بۆ یەکسانکردنی بروانامەی ماستەر، پێویستە کۆنمرەی بەکالۆریۆس لە (٦٥٪) کەمتر نەبێت. بۆ خوێندنی دکتۆراش نابێت کۆنمرەی ماستەر لە (٧٠٪) کەمتر بێت. بە پێچەوانەوە دان بە بروانامەکەیان نانرێت.

٢٢- لە دوای تەواو بوونی مامەڵەی یەکسانکردن بە شێوەی ئۆنلاین و گەڕانەوەی بڕیاری لیژنە، پێویستە پێشکەشکار سەرجەم بەڵگەنامە ڕەسەنەکانی پەیوەندیدار بە خوێندنەکەی پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی یەکسانکردنی بڕوانامەکان بکات کە پێکدێت لە ( بڕوانامەکان، پاسپۆرت، کارتی نیشتمانی، تێزی ئەکادیمی، کارتی نیشتەجێبون لە وڵاتی خوێندن،...هتد).

٢٣-لە کلێشەی بڕوانامەکەدا ئەم زانیاریانەی دەنوسرێت؛ (ناوی سیانی، ناوی وڵات، ناوی زانکۆ، مانگ و ساڵی بەدەستهێنانی بڕوانامە، پسپۆڕی، ماوەی خوێندن، جۆری بڕوانامە).

**ماددەی (٤): ماوەی مانەوە لە وڵاتی خوێندن:**

١- ماوەی مانەوەی پێویست بۆ خوێندن لە وڵاتانی دەرەوەی عێراق بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت :

أ- بەکالۆریۆس (٩) مانگ بۆ هەر ساڵێکی ئەکادیمی.

ب- دبلۆم (٩) مانگ بۆ هەر ساڵێکی ئەکادیمی.

ج- ماستەر (١٢) مانگی ئەکادیمی، بەشێوەیەک ساڵی یەکەم نابێت ماوەی کۆرسەکان پچڕانی تێدا بووبێت.

د- دکتۆرا (٢٤) مانگی ئەکادیمی، بە شێوەیەک ساڵی یەکەم لە (٨) مانگی بێ پچران کەمتر نەبووبێت، تەنانەت بۆ ئەوانەشی کە بەشێوەی توێژینەوە (by research) خوێندوویانە، کۆی مانگەکانی مانەوەی نابێت لە (٢٤) مانگ کەمتر بووبێت.

٢- ماوەی مانەوە لە خوێندنی ئەکادیمیەوە هەژمار دەکرێت و لەو ماوەیەی بۆ خوێندن دیاریکراوە.واتە رێگە نادرێت خوێندنەکە بە چەند ساڵێک تەواو کرابێت، بەڵام هەمان ماوەی مانەوەی بۆ هەژمار بکرێت. بەڵکو بۆ هەر ساڵێکی زێدەکی (٦) مانگ داواکراوە.

٣- ئەنجامدانی پراکتیک یان کۆکردنەوەی داتا و ئامارەکان لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان بە ماوەی مانەوە ئەژمار ناکرێت. هەروەها لەکاتی پێویستی هەبوونی سەرپەرشتیاری ناوخۆیی، پێویستە رەزامەندی فەرمانگەی نێردراوان و پەیوەندییە رۆشبیرییەکانی وەرگرتبێت و لاری نەبونی زانکۆکەی هەبێت، هاوکات پێویستە ناوی سەرپەرشتیاری ناوخۆیی لەسەر تێزی دکتۆرا، یان ماستەرنامەکەدا بنوسرێت. بۆ ئەم حاڵەتانە ماوەی مانەوە تەنها (٣) مانگ هەژمار دەکرێت.

٤- پێویستە هەر پێشکەشکارێک کارتی نیشتەجێبونی ڕەسەنی وڵاتی خوێندن یاخود ڤیزەی درێژخایەنی خوێندنەکەی پێشکەش بکات. بۆ وڵاتانی دراوسێی هەرێمی کوردستان رێگەپێدراو نیە پێشکەشکار کارتی نیشتەجێی شارێکی هەبووبێت، بەڵام لەشارێکی دیکە درێژەی بە خوێندن دابێت.

٥- کەسانی بیانی ئەگەر لە وڵاتێکی تردا بڕوانامەیان بە دەستهێنابوو، ئەوا ماوەی مانەوەیان لە وڵاتی خوێندن بۆ ئەژمار دەکرێت. بۆ هەڵگرانی پاسپۆرتی وڵاتانی ئەوروپی کە لە زانکۆکانی ناو یەکێتی ئەوروپا خوێندویانە، ماوەی مانەوەیان بۆ هەژمار ناکرێت.

**ماددەی (٥): تاقیکردنەوەو سیمیناری توانستی زانستی:**

١-ئەو زانکۆیانەی ریزبەندی جیهانیان لەنێوان(١- ١٠٠٠) یەک بۆ هەزارە بەپێی پێوەری شانگهای و لە لیستی (A)، یاخود لە نێوان (١-٥٠٠) یەک بۆ پێنج سەد بەپێی پێوەری تایمس لیستی (B) زانکۆ باوەڕپێکراوەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان دانپێدانراوبن، پێویست بە ئەنجامدانی سیمیناری توانستی زانستی ناکات، جگە لە پسپۆرییە پزیشکییەکان. تەنها دڵنیایی لەسەر ڕاستی و دروستیان دەکرێت و لیژنەی ناوەندی یەکسانکردن بڕیار لە ئەکادیمی و پیشەیی بوونی بڕوانامەکانیان دەدات.

٢- ئەو زانکۆیانەی ریزبەندی جیهانیان لە نێوان (٥٠١- ١٢٠٠) پێنج سەد و یەك بۆ هەزار و دووسەدە بەپێی پێوەری تایمس، پێویستە سیمیناری توانستی زانستی ئەنجامبدەن.

٣- هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە بوارەکانی پزیشکی ( گشتی، ددان، دەرمانسازی) پێویستە تاقیکردنەوە ئەنجامبدەن.

٤- لە پرۆسەی یەکسانکردنی هەر بڕوانامەیەکدا پشکنینی ئەلیکترۆنی ( پلایجەریزم) بۆ (نامەی ماستەر) و (تێزی دکتۆرا) ئەنجامدەدرێت و لە کۆی گشتی تێز یاخود نامەکە نابێت ڕێژەکەی لە (٣٠٪) زیاتر بێت، بەپێچەوانەوە یەکسانکردنی بڕوانامەی بۆ ناکرێت.

٥- تاقیکردنەوە و سیمیناری توانستی زانستی لە سەرجەم زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامدەدرێت، بە مەرجێک پسپۆڕیەکەی هەبێت. ڕەچاوی ئەوە دەکرێت کە پێشکەشکار نەنێردرێ بۆ هەمان زانکۆکەی پێشووی خۆی. سیمیناری توانستی زانستی بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی (ماستەر- دکتۆرا) لە پسپۆڕی پزیشکی، لە لایەن هەر سێ زانکۆی هەولێری پزیشکی، سلێمانی، دهۆک ئەنجامدەدرێت.

٦- سەبارەت بە هەڵگرانی بۆردی پزیشکی، ئەنجومەنی کوردستانی بۆ پسپۆڕیە پزیشکیەکان هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی ستانداردی پسپۆڕیی بۆ هەڵگرانی بڕوانامە کلینیکیە پسپۆڕییەکان (بۆرد) و ڕێژەی دەرچوون لە (٦٠٪) دەبێت. هەروەها بۆ هەڵگرانی دیبلۆمی کلینیکی کە بۆرد نیە، دیسان لەلایەن ئەنجومەن تاقیکردنەوەیەکی هاوئاستی بۆ ئەنجامدەدرێ و ڕێژەی دەرچون لە(٦٠٪) دەبێت.

٧- نووسراوی ئەنجامی سیمیناری توانستی زانستی لەلایەن زانکۆکان و ئەنجومەنی کوردستانی بە نهێنی دەبێت و بە ڕوونی ئاماژە بەوە دەکرێ کە پێشکەشکار دەرچووە، یان کەوتووە، هەروەها نمرەکەش دەنوسرێت. کەمتر لە کۆنمرەی ٦٠٪ بە دەرنەچوو هەژمار دەکرێت.

٨- هەر پێشکەشکارێک بۆی هەیە دوو جار ( تاقیکردنەوە - سیمیناری توانستی زانستی) ئەنجامبدات و ماوەی نێوانی هەر جارێك نابێت لە (٣) مانگ کەمتر بێت.

٩- هەر پێشکەشکارێک یەکەی(کرێدیت)ی خوێندنی کەمبوو، پێویستە لەیەکێک لەزانکۆکانی هەرێمی کوردستان بەشێوەی پەرەلێل کۆرس وەربگرێت و یەکەی پێویست بەدەست بێنێت.

١٠-سیمیناری توانستی زانستی بەو زمانە پێشکەش دەکرێت کە تێزەکەی پێنوسراوە ئەگەر مامۆستای پسپۆڕ لەو زمانە بەردەست نەبوو، دەکرێت بە زمانی کوردی، عەرەبی، یان ئینگلیزی سیمینارەکە پێشکەشبکرێت. بۆ بڕوانامەکانی پزیشکی گشتی، ددان، دەرمانسازی و ئەندازیاری، تەنها بە زمانی ئینگلیزی ڕێگەدەدرێت تاقیکردنەوەو سیمیناری توانستی زانستی ئەنجامبدەن.

١١-ئەو لیژنانەی لە زانکۆکان پێکدەهێندرێن وەکو لیژنەی هەڵسەنگاندن، پێویستە بەنهێنی پێکبهێندرێن و ژمارەیان تاک بێت و بەلایەنی کەم لە (٣) ئەندام کەمتر نەبێت، بۆ بڕوانامەی ماستەر ئەندامەکان پلەی زانستیان لە مامۆستا (دکتۆرا) کەمتر نەبێت و بۆ دکتۆرا پلەی زانستیان لە پرۆفیسۆری یاریدەدەر کەمتر نەبێت کە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بن.

**ماددەی (٦): حوکمە گشتیەکان:**

١- بڕیاری یەکسانکردنی بڕوانامەکان، کە لەلایەن لیژنەکانی پێشتر دراوە، گۆڕانکاری تیادا ناکرێت و هەڵناوەشێندرێتەوە، تەنها لە بارودۆخێکدا نەبێت کە هۆکارێکی زانستی و یاسایی ڕەوا هەبێت. یاخود ئاشکرا بێت کە بڕوانامەکانی پێشتری ڕاست و دروست نین.

٢- تەنها ئەو بڕوانامانە بە ئەکادیمی هەژمار دەکرێن کە لە یەك پسپۆڕی بەدەستهاتوون. واتە دوا بڕوانامە لەگەڵ بڕوانامەی پێش خۆی پێویستە لە هەمان پسپۆڕی بن، بە پێچەوانەوە بە بڕوانامەی پیشەیی هەژمار دەکرێت.

٣- خوێندن و بڕوانامەی بەدەستهاتوو بە شیوازی ئۆنلاین لە کوردستان قبوڵکراو نیە و یەکسانکردنی بۆ ناکرێت.

٤- ئەوانەی لە دوای پۆلی (٩)ی بنەڕەتی پەیمانگای (٥) ساڵەیان خوێندوە و دەیانەوێت لە دەرەوەی هەرێم درێژە بە خوێندن بدەن، ئەوا بە هەمان ڕێنمایی وەرگرتنیان لە زانکۆکانی ناوخۆدا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

٥- ئەو پێشکەشکارانەی کە فەرمانبەرن تەنها بەمەرجی هەبوونی مۆڵەتی خوێندن بڕوانامەکەیان بۆ یەکساندەکرێت، هاوکات پێویستە لاری نەبونی وەزارەتەکەیان و فەرمانی دەستلەکارهەڵگرتن و دەستبەکاربونەوەیان پێشکەشبکەن، بەپێچەوانەوە یەکسانکردنی بڕوانامەیان بۆ ناکرێت.

٦- ماوەی نێوانی ڕێکەوتی دەرچونی فەرمانی دەستلەکارهەڵگرتن و ڕێکەوتی دەستپێکردنی خوێندن نابێت لە (٣٠) ڕۆژ زیاتر بووبێت.

٧- سەبارەت بەو فەرمانبەرانەی بەبێ مۆڵەتی خوێندن بڕوانامەیان بەدەستهێناوە، واتە سودیان لە (مۆڵەتی ئاسایی بە موچە، مۆڵەتی بێموچە، هاوسەفەری ...هتد) وەرگرتوە، بەپێی فەرمانی ژمارە (١٠٨٩)ی ساڵی (٢٠١٨/٣/٦)، یاخود هەر فەرمانێکی دیکەی نوێی ئەنجومەنی وەزیران مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

٨- هەر پێشکەشکارێك کە فەرمانبەر نیە، پێویستە لەکاتی پێشکەشکردنی مامەڵەی یەکسانکردنی بڕوانامە، بەڵێننامەیەک لەڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی وەزارەتی خوێندنی باڵا، یاخود فەرمانگەی دادنوسی پێشکەش بکات، تیایدا بەڵێن بدات کە فەرمانبەر نەبووە/نیە لە هیچ دامەزراوەیەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق. وە لەسەر بڕیاری یەکسانکردنی بڕوانامەکەی بە ئاشکرا ئاماژە بە ژمارە و ڕێکەوتی دەرچوونی بەڵێننامەکە دەدرێت.

٩- بۆ پلە باڵا و تایبەتەکان و هاوشێوەکانیان بەپێی پەیڕەوەی پێدانی مۆڵەتی خوێندن ژمارە (١١)ی ساڵی(٢٠٢١) مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

١٠- ئەو پێشکەشکارانەی خاوەنی زیاتر لە ناوێکن، یان ناویان گۆڕدراوە، پێویستە سەرەتا لە دادگا کێشەکەیان یەکلایی بکەنەوە، دوای ئەوە بەپێی بڕیاری دادگا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و پێویستە نووسراوی بڕیاری دادگا پێشکەش بکەن.

١١- تەنها بۆ کاندیدانی بەرنامەی تواناسازی، دەکرێ بە شێوەی کاتیی بڕیاری یەکسانکردنیان بۆ بکرێت بۆ ماوەی (٦) مانگ و دەکرێت نوێبکرێتەوە. بۆ پێشکەشکارانی دیکە یەکسانکردنی بڕوانامە بەشێوەی کاتی ناکرێت.

١٢- وەرگرتنی رسوماتی یەکسانکردنی بڕوانامە و سیمینار و تاقیکردنەوەی توانستی زانستی بەپێی بڕیاری ژمارە (٨٦)ی ساڵی (٢٠١٦)ی ئەنجومەنی وەزیران دەبێت.

**ماددەی (٧):** کار بەهیچ ڕێنمایی و بڕیارێک ناکرێت، کە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە بێت.

**ماددەی (٨):** ئەم رێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**هۆکارەکانی دەرچواندنی ئەم ڕێنماییە**

بەمەبەستی ڕێکخستن و ڕوونکردنەوە و ئاسانکاری پرۆسەی یەکسانکردنی بڕوانامەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق، و دروستکردنی بەرچاوڕوونی لەبەردەم خوازیارانی یەکسانکردنی بڕوانامەکان کە مەبەستیانە لە دەرەوەی وڵات دریژە بەخوێندن بدەن و لە داهاتوودا بگەڕێنەوە بۆ هەرێم و مامەڵەی یەکسانکردنی بڕوانامە پێشکەشبکەن، هەروەها پێدانی بەرچاوڕوونی بە هاوڵاتیانی دیکەی عێراقی و کەسانی بیانی سەبارەت شێوازی ئەنجامدانی یەکسانکردنی بروانامە لە هەرێمی کوردستان، ئەم ڕێنماییە دەرچوێندرا.

**د.ئارام محمد قادر**
**وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**ژمارە: ٧٧٥٤ لە ٢٠٢٢/١١/٨**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (١٣) ماددەی (١) لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٢ یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان _عێراق، وەبڕگەی سێیەم لە ماددەی دووەم لە یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٠ یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ئەم ڕێنمایەی لای خوارەوەمان دەرکرد.

## ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢
## تایبەت بە دروست کردنی پۆند

**ماددەی (١):**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ئەو ماناکانیان بەرامبەریانە بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە:

**یەکەم: وەزارەت** : وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.

**دووەم: وەزیر** : وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.

**سێیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی** : بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرچاوەکانی ئاو.

**چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ** : بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان.

**پێنجەم: بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵ** : بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان.

**شەشەم: بەڕێوەبەرایەتی** : بەڕێوەبەرایەتی ئاودێری پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان.

**حەوتەم: هۆبەی ئاودێری** : هۆبەی ئاودێری قەزاو ناحیەکان.

**هەشتەم: پۆند** : دامەزراوەیەکی ئەندازەیی خۆڵیە بۆ گلدانەوەی ئاو لەلایەن جوتیار یان هاوڵاتی دروست دەکرێت، بە مەبەستی سود وەرگرتن لە بواری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆی پاراو بوونی ئاوە ژێر زەوی (Recharge).

**نۆیەم: پۆندی هەڵکەندراو** : نزمایەکی سروشتیە دۆخی تۆپۆغرافی ناوچەکە دروستی کردووە (Resorvoir Natural)، وە گونجاوە بۆ گلدانەوە، وە پێویستی بە چەند کرداری ئاسان و ساکار هەیە بۆ کۆکردنەوەی ئاو بۆ سوودی جوتیار و هەر مەبەستێکی دیکەی ئابوری و ژینگەیی.

**دەیەم: لایەنی سوودمەند** : جوتیار یان هاوڵاتی کە پۆندەکە لەسەر ئەرکی خۆی دروست دەکات بۆ سوود وەرگرتن لە ئاوی کۆکراوە.

**ماددەی (٢):ڕێکارەکانی دروستکردنی پۆند:**

١- پێشکەش کردنی داواکاری لەلایەن لایەنی سودمەند بۆ دروستکردنی پۆند لەڕێگەی یەکەی کارگێری(ناحیە یان قەزا) و فەرمانگەی کشتوکاڵی و هۆبەی ئاودێری ناوچەکە.

٢- پاش وردبینی کردن و دیاری کردنی خاوەنداریەتی زەویەکە (موڵک، گرێبەست، مافی ڕەفتار، بڕیاری دابەش، زەوی میری)، وە بوونی مەرجی یاسای لەزەویەکەو یەک لاکردنەوەی بەپێ ی یاسا کارپێکراوەکانی زەوی کشتوکاڵی و لاری نەبوونیان لەسەر دروست کردنی پۆند داواکاریەکە ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ دەکرێت، ئینجا بە نەخشەو کۆنووس و ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی دەکرێت.

**ماددەی (٣):**

١- بەڕێوەبەرایەتی ڕاپۆرتی سەرەتای ئامادە دەکات و گونجاوی شوێنی تەرخانکراو یەک لادەکرێتەوە لە ڕووی جیۆلۆجی و هایدیرۆلۆجی و توانای گلدانەوەی ئاوی وە پشتگیری دەکات بۆ دروستکردنی پۆندەکە.

٢- لایەنی سوودمەند دەبێت لە بەڕێوەبەرایەتی بەڵێننامە پڕبکاتەوە بەپێی ڕێنمای زانستی وئەندازەیی.

٣- لایەنی سوودمەند دەبێت ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە دەگرێتەبەر بۆ دروستکردنی پۆندەکە.

أ- ئامادەکردنی دەرخستە و دیزاین و نەخشەسازی پۆندەکە و پەسەند کردنی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی.

ب- دیاری کردنی مەبەست و ئامانجی دروستکردنی پۆندەکەو بەڵێن دان کە بێ ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی گۆڕانکاری لە تایبەتمەندی و ئامانجی دروستکردنی پۆندەکە نەکات.

ت- دەبێت لیژنەیەکی هونەری لە بەڕێوەبەرایەتی سەرپەرشتی جێبەجێ کردنی دروستکردنی پۆندەکە بکات.

ث- سوودمەند لەسەر ئەرکی خۆی هەڵدەستێت بە دروستکردنی پۆندەکە.

ج- لایەنی سوودمەند داوای قەرەبوو نەکات لەکاتی ڕوودانی کارەساتی سروشتی وەک( لافاو، بومەلەرزە)، وە دروست بوونی هەر کێشەیەک یان روداوێک کە ببێتە هۆی ڕوخانی پۆندەکە.

ح- لە سەر هەڵدانی هەر کێشەیەکی هونەری لەکاتی دروستکردنی پۆندەکەیان لە پاشە ڕۆژ لەسەر سوودمەند پێویستە ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی بکات بە مەبەستی چارەسەرکردن.

خ- دەبێت خاوێنکردنەوە و نۆژەنکردنەوەی پۆندەکە بە ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی بێت.

٤- بەڕێوەبەرایەتی ڕاپۆرت و دەرخستەی پەسندکراو دەنێرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ مەبەستی پێدانی کۆد.

٥- بەڕێوەبەرایەتی مۆڵەت دەدات بەلایەنی سوودمەند بۆ دروستکردنی پۆند پاش پەسەندکردنی دەرخستەو ڕاپۆرتی ئامادەکراو لەلایەن لیژنەیەکی هونەری.

٦- سوودمەند هەڵدەستێ بە دروستکردن و جێبەجێ کردنی پۆندەکە بەپێی دەرخستەو دیزاینی پەسەندکراو و ڕێکارەکانی.

٧- بەڕێوەبەرایەتی گشتی مافی چاودێری و دروستکردنی پۆندەکانی هەیە، هەروەها مافی ڕاگرتنی هەر پۆندێکی هەیە لەکاتی ڕوودانی هەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکەی کارگێری ناوچەکە.

**ماددەی (٤):**

دروستکردنی پۆند بەبێ مۆڵەت قەدەغەیەو بەڕێوەبەرایەتی ڕێکاری یاسای دەگرێتە بەر بەهەماهەنگی لەگەڵ یەکەی کارگێری ناوچەکە.

**ماددەی (٥):**

ئەم ڕێنمایە ئەو پۆندانە دەگرێتەوە کە بەرزیەکەی لە (٨م) هەشت مەتر زیاتر نەبێت.

**ماددەی (٦):**

ئەم ڕێنمایە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**هۆکاری دەرچوون**

بەهۆی سەرهەڵدانی ووشکەساڵی و کەم بارانی و گۆرانکاری کەش و هەواو مەترسیەکانی دوا ڕۆژ لەسەر سەرچاوەکانی ئاو، لە پێناو کەمکردنەوەی بە فیرۆدانی ئاو، وە پاراستنی ئاوی کۆگاکراوی ژێر زەوی و پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ و زیاد کردنی، وە هاندانی جوتیاران بۆ بەرهەمهێنان و زیاد بەرووبوومی کشتوکاڵی ئەم ڕێنمایەمان دەرکرد.

**بێگەرد تاڵەبانی**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە: ١٨٥٦٨ لە ٢٠٢٢/١١/١٣**

پاڵپشت بە ماددەی (حەوتەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ وە یاسای تەندروستی گشتی ژمارە (٨٩) ساڵی ١٩٨١ ماددەی (٨٩ ( بڕگە یەکەم ) وە یاسای دامەزراندنی دەزگا تەندروستیە تایبەتییەکانی ژمارە (٢٥) ساڵی ١٩٨٤ وە یاسای مافی نەخۆش ژمارە (٤) ساڵی ٢٠٢٠ لە پێناو بەرژەوەندی گشتی هاووڵاتیان بۆ ئەم مەبەستە و باشترکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی هاووڵاتیان و کوالێتی نەخۆشخانەکان و سەنتەرەکانی کەرتی تایبەت ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەمان دەرکرد :-

**ڕێنمایی ژمارە(٨)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**تایبەت بە ڕێکخستنەوەی نرخ و ڕێژە و شایستەکان لە نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی کەرتی تایبەت**

**ماددەی (١): ڕێنماییە گشتیەکان**

١- وەرگرتنی خەرجی و تێچوو بۆ ئەنجامدانی هەر نەشتەرگەرییەک بەشێوەی پاکێج ( واتە کارکردن بە سیستەمی پاکێج) لە نەخۆش نەوەک بەش بەش و هیچ خەرجیەکی زیادەی دیکە وەرناگیرێت.

٢- تێچووی پاکێجی نەشتەرگەری بەم شێوەیە دابەش دەکرێت وە نابێت هیچ جۆرێکی دیکەی ڕێکەوتن بکرێت .

أ- شایستەی پزیشکی نەشتەگەر لە (٥٠٪)ی تێچووی گشتی زیاتر نەبێت لە کۆی گشتی تێچووی خەرجی .

ب- پزیشکی سڕکەر (١٠٪)وە نەشتەرگەری لۆکەڵ ڕێژەی (٥ ٪)لە تێچووی گشتی کەمتر نەبێت.

ج- ڕێژەی ماوە لە تێچووی گشتی بۆ بەرژەوەندی نەخۆش دەبێت بۆ تێچووەکانی نەخۆشخانە، مانەوە، خواردن، دەرمان و پێداویستیەکانی خزمەتگوزاری هۆڵی نەشتەرگەری و بێهۆشکاری بەکارهاتوو وە نابێت هیچ خەرجیەکی دیکە لە نەخۆش وەربگیرێت .

٣- نابێت هیچ کەسێکی تر یان هیچ سەنتەرێک یان هەر لایەنێکی تر هیچ بڕە پارەیەک لە نەخۆش وەربگرن لە دەرەوەی ژمێریاری نەخۆشخانە بە هیچ بیانوویەک لە کاتی سەرپێچی ئەم جۆرە حاڵەتانە کەسی یان لایەنی سەرپێچیکار ڕووبەڕووی یاسا دەکرێتەوە.

٤- دانانی میلاک بۆ هەریەک لە نەخۆشخانەکان بەجۆرێک کە هەر پزیشکێکی نەشتەرگەری و سرکەر تەنها لە یەک نەخۆشخانە یاخود سەنتەر کار بکات وە خشتەی ئێشکگیری پزیشکانی پسپۆر لە نەخۆشخانە تایبەتەکان بەهەمان شێوە تەنها لەلایەن پزیشکانی میلاکی ئەو نەخۆشخانەیە دەبێت وە بەپێی توانا و تایبەتمەندی هەر نەخۆشخانەیەک دەبێت دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەتی تەندروستی بە گەڕانەوە بۆ بڕگە (٣) لە ماددەی (٧) لە مەرجەکانی تایبەت بە بنیاتنانی نەخۆشخانە تایبەتەکان ( شروط الخاصة لأنشاء المستشفيات الأهلية )

٥- دانانی سیستەمی داتا بەیس لە هەموو نەخۆشخانەکان و سەنتەرە تایبەتەکان و بەستنەوەیان بەیەک سیستەم لە لایەن وەزارەتی تەندروستی بۆ چاودێریکردنی نرخ و دڵنیایی جۆری .

٦- یەکخستنەوەی پسوولەی خەرجی و تێچووی هەموو خزمەتگوزارییەکانی کەرتی تایبەت لە بواری پزیشکی لەسەر بنەمای یاسایی و ڕێنمایی کارپێکراو .

٧- لە کاتی ڕوودانی هەر سەرپێچی یان کەمتەرخەمی یان هەڵەی پزیشکی یان بوونی سکاڵا یاسای ئەرک و مافەکانی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان عێراق ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠٢٠ جێبەجێ دەکرێت و ڕێککاری یاسایی وەردەگیرێت بەپێی پەیڕەوی پێکهاتە و ئەرکەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوەی پیشەیی لە وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ) ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٢٢ .

٨- ئەو نەشتەرگەرییانەی کە پێداویستی پزیشکی ( جێگرەوە ) و پێداویستی بەکارهاتووی ئامێرەکانی پزیشکی بۆ هەر نەشتەرگەرییەکی تایبەت بە کاردێت بڕی تێچووی پێداویستیە پزیشکیەکان دەکەونە دەرەوەی پاکێج .

٩- پابەند دەبێت بەسەرجەم ڕسوماتەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم بە بێ زیاد کردنی لەسەر نەخۆش.

**ماددەی (٢):- پزیشکی نەشتەرگەر**

١- بڕی (٥٠٪)لە پارەی پاکێج زیاتر وەرناگیرێت لە تێچووی گشتی کۆکراوە بۆ شایستەی پزیشکانی نەشتەرگەر .

٢- پێش ئەنجامدانی نەشتەرگەری و تا دەرچوونی نەخۆش هیچ بڕە خەرجیەک بە ناوی (سەردان) لە نەخۆش وەرناگیرێت یان لە دەرەوەی نەخۆشخانە .

٣- لە دوای دەرچوونی نەخۆش سەردانی نەخۆش بۆ لای پزیشکی نەشتەرگار بێ بەرامبەر دەبێت بۆ ماوەی (١) یەک هەفتە .

**ماددەی (٣):- بەشی بێهۆشکاری**

١- کەمتر لەبڕی (١٠٪) پاکێجی تێچووی نەشتەرگەری بۆ پزیشکی بێهۆشکار نابێت لە کاتی (سڕکردنی گشتی ) وە بڕی (٥٪) (سڕکردنی لۆکەڵ) لە کۆی تێچووی گشتی .

٢- پزیشکی بێهۆشکار پێش ئەنجامدانی نەشتەرگەری پشکنینەکانی نەخۆش ببینێت بە بێ بەرامبەر.

٣- هیچ جۆرە خەرجی و تێچووەکی دیکە بە ناوی ( سەردان ) لە پێش نەشتەرگەری و دوای نەشتەرگەری لە نەخۆش وەرناگیرێت .

**ماددەی (٤):- نەخۆشخانە**

١- بڕی شایستەی نەحۆشخانە سەرجەم خەرجییەکانی نەخۆش دەگرێتەوە لە بڕی ماوەی پاکێج بۆ نەخۆشخانە دەبێت بەبێ وەرگرتنی هیچ بڕە خەرجیەکی زیادە لە نەخۆش .

٢- نەخۆشخانە تایبەتەکان سەرجەم خەرجیەکانی خۆیان دەدەن لە بڕی ماوە وەک (کارەبا ، گاز ، مووچەی کارمەندان و فەرمانبەران و کارگێری ، مووچەی پزیشکانی خولاو و دێرین ، مووچەی پەرستاران و کارمەندان ، خەرجی دابینکردنی ئامێرە پزیشکیەکان کەوا بۆ نەشتەرگەری بەکاردێت ، خەرجی سازدانەوەی سەرجەم ئامێرەکانی ناو نەخۆشخانە).

٣- بری (٥٪)باج بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری .

٤- ئەم خەرجیانە دەکەونە ناوەوەی پاکێجی خەرجی گشتی :-

أ- دەرمان وپێداویستی پزیشکییەکان کە لە کاتی ئەنجامدانی نەشتەرگەری لە هۆڵی نەشتەرگەری بەکاردێت لەگەڵ دەرمان و ئامێر و پێداویستیە بێهۆشکارەکان.

ب- بڕی شایستەی کارمەندانی تەندروستی و فەرمانبەرانی نەشتەرگەری و سرکەر .

ج- بەکارهێنانی سەرجەم ئامێرەکانی نەشتەرگەری کە بۆ مەبەستی ئەم نەشتەرگەرییە بەکاردێت .

**ماددەی (٥):- سەرپێچی و سزا**

هەر نەخۆشخانەیەک یان سەنتەرێکی کەرتی تایبەت کە پابەندی ئەم ڕێنماییانە نەبێت و سەرپێچی لە بنەماکانی دا بکات ، رووبەرووی رێککاری یاسایی دەبێتەوە.

**ماددەی (٦):-**

وەزارەتی تەندروستی لیستی نرخ و شایستەکان دیار دەکات و بە گوێرەی پێویست و کات نوێکردنەوەی بەسەر دادێت .٠

**ماددەی (٧):-**

لە کاتی پێویست وەزارەتی تەندروستی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان و سەندیکاکانی پەیوەندییدار رێنمایی و بڕیاری پێویست دەردەکات بۆ بەرژەوەندی گشتی و ئاسانکاری جێبەجێکردن

**ماددەی (٨):-**

وەزارەتی تەندروستی پۆلێنکردنی نەخۆشخانەکان و هەر رێکارێکی خاسیەتەکان بەپێی ئاستی خزمەتگوزاریەکان و پسپۆری و کوالێتی دیاردەکات .

**ماددەی (٩):-**

ئەم ڕێنماییە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)دا دەخرێتە بواری جێبەجێکردن.

**د.سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە: ١٨٥٦٩ لە ٢٠٢٢/١١/١٣**

پاڵپشت بە ماددەی (حەوتەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەمان دەرکرد :-

**ڕێنمایی ژمارە(١١)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**وەسفی پیشەیی بۆ پسپۆری پزیشکی سڕکار**

**ماددەی (١): پێناسەکان**

**ناونیشانی پیشەیی**: پزیشکی سڕکار

**شوێنی کار** :دەزگا تەندروستیەکان

**پەیوەندی کارگێری**: پەیوەندی هەیە لەگەڵ بەرپرسی یەکە تەندروستیەکان

**پێناسەی کار:** پزیشکی سڕکار ئەو پزیشکەیە کە بەرپرسە لە سڕکردنی یان بێهۆشکردنی نەخۆش لە هۆڵی نەشتەرگەری و بەهۆشهێنانەوەی ، بەرپرسە لە نەخۆشەکانی یەکەی چاودێری چڕ بە دەستنیشانکردن و چارەسەری بارودۆخە تەندروستیە سەختەکانیان لەگەڵ پزیشکی چارەسەرکار ، وە نەخۆشەکانی ئازاری درێژخایەن دەبینێت لە بەشی ڕاوێژکاری و پرۆسیجەری کەمزیان بۆ ئەنجام ئەدات لە هۆڵی نەشتەرگەری بۆ چارەسەرکردنی ئازارە درێژخایەنەکان و ئازاری شێرپەنجە.

**ئەرکەکان:** ئەرکەکانی پزیشکی سڕکار لە سێ بوارن ( سڕکردنی نەشتەرگەریی / چاودێری چڕ/ چارەسەری ئازار )

**ماددەی (٢): سڕکردنی نەشتەگەریی**

پزیشکی سڕکار کارەکانی ناو هۆڵی نەشتەرگەری ئەنجام دەدا ، کە بریتین لە سڕکردنی نەخۆشەکان بۆ ئەوەی نەشتەرگەرییان بۆئەنجام بدرێت ، کاری پزیشک بۆ ئەم مەبەستە بەم شێوەیەیە:

١- هەڵسەنگاندن و پشکنینی نەخۆش بەرلە نەشتەرگەری سارد کە لە خشتە تۆمارکراوە ، یاخود ئەم پشکنین و هەڵسەنگاندنە هەر لەناو هۆڵی نەشتەرگەری ئەنجام ئەدات لە باری کتوپڕ ، لێرەدا ڕێکارەکان بریتیین لە : ڕەوانەکردنی پشکنینی تاقیگە ، داواکردنی تیشک وسۆنار و CT, MRI یان هەر جۆرە ئەزمایشەکی تر کە پێویست بکات .

٢- چاککردنەوەی باری تەندروستی نائاسایی نەخۆش ئەگەر هەبێت ، ئەمەش دەشێ بە هەماهەنگی بێت لەگەڵ پزیشکانی دیکە وەکو پزیشکی هەناو ، پزیشکی ڕژێنەکان ، پزیشکی دڵ ، و هتد.. ، ئامانجەکەش ڕاستکردنەوەی دۆخی نەخۆشە بۆ ئەوەی نەشتەرگەریەکەی بۆ ئەنجام بدرێت.

٣- ئەرک و پرۆسیجەرەکانی سڕکردنی ناو هۆڵی نەشتەرگەری کە بریتین لە:

أ- بەستنی ئامێر و ئامرازەکانی چاودێری کردنی دۆخی نەخۆش و نیشانە زیندەگییەکانی بە هەموو جۆرەکان ئامێری سادە و پێشکەوتوو.

ب- پێدانی شلەی پزیشکی ناوخوێن لەڕێی کانیولا یان سرنج پەمپ ، پێدانی دەرمانی کەمکردنەوەی هۆش بۆناو خوێن و بەگاز بۆ لەهۆشبردنی نەخۆش ، لەهەمان کاتدا پێدانی دەرمانی ماسولکە خاوکەرەوە کە نەخۆش ئیفلیج دەکات بەشێوەیەکی کاتی بۆ ماوەی نەشتەرگەرییەکە ، لەگەڵ پێدانی دەرمانی ئازارشکێن ، ئینجا لەکۆتایی نەشتەرگەری ، پێچەوانەکردنەوەی ئەم گۆڕانکاریانە کە دروستکران بۆ دۆخی ئاسایی بەمەبەستی بەهۆشهێنانەوەی نەخۆشەکە بەسەلامەتی ، لێرەشدا جۆرەها دەرمانی پێویست بەکاردێن لەم هەنگاوە.

ت- دانانی ڕێرەوی هەناسەدانی دەستکرد بۆ نەخۆش و بەستنی بە ئامێری هەناسەدەر ventilator (ئەگەر ماسولکە خاوکردنی تەواو بەکارهات) ئینجا پێچەوانەکردنەوەی ئەم کارە لەکۆتایی نەشتەرگەرییەکە ، بۆ ئەم مەبەستە چەند ئامێر و ئامرازێکی پزیشکیی بەکار ئەهێنرێن وەکو پێبینی قوڕگ (Laryngoscope & Video Laryngoscope) ، ئامێری پێبینی ڕێرەوەکانی هەناسە و سییەکان(Bronchoscope ) ، و زۆر بەکەمیش پێویست دەکات بۆری هەناسەدان کون بکرێت بەشێوەی (Cricothyroidotomy) ، هەندێک نەخۆش دوائەکەون لە گەڕانەوەی هەناسەدانی ئاسایی ، پزیشکی سڕکار ڕەوانەی بەشی چاودێری چڕیان دەکات بۆ درێژەدان بە هەناسەدانی دەستکرد تاکو هێزی هەناسەدانی خودکاری نەخۆش ئەگەڕێتەوە و تیوبەکە لەناو بۆڕی هەناسەی دەرئەهێنرێت.

ث- چاککردنەوەی گۆڕانکارییە فیسیۆلۆجیەکانی نەخۆش کە ڕوودەدەن لەکاتی نەشتەرگەری ، بە بەکارهێنانی جۆرەها دەرمان و ئامراز بۆ پاراستنی سەلامەتی نەخۆشەکە لە ماکەکانی ئەم گۆڕانکارییانە و دورخستەوەی ئەگەری زیان گەیشتن بە ئەندامەکانی جەستە کە دەشێ ڕووبدەن لە ناو نەشتەرگەری.

ج- کۆنترۆڵ کردنی ئازاری نەخۆش پێش و پاش نەشتەرگەری بە ئامێری سۆنار بە ڕاگرتنی هەستەدەمارەکانی تایبەت بە ناوچەی نەشتەرگەرییەکە ، واتە پرۆسیجەری ultrasound guided nerve block.

ح- هەندێ کەیسی نەشتەرگەری بەتەواوی لەژێر سڕکردنی ناوچەیی ئەنجام ئەدرێن ، بەبێ بێهۆشکردنی گشتی یاخود تەنها لەگەڵ هێورکەرەوەی هۆش ، یان سڕکردنی نیوەجەستەیی (neuraxial : Spinal & Epidural ) بۆ ئەم مەبەستەش ئامێرەکانی سۆنار Ultrasound و تیشکی ناو نەشتەرگەری Fluoroscopy و ئاشکراکەرەوەی دەمار Nerve detector بەپێی پێویستی بارودۆخەکە بەکار ئەهێنرێن.

خ- رادەستکردنی نەخۆش لە بەشی بەهۆشهاتنەوەی هۆڵی نەشتەرگەری بۆ ستافی قاووش یان ستافی یەکە تایبەتەکان ، پاش دڵنیابوون لە جێگیری باری تەندروستی نەخۆشەکە.

د- پزیشکی پسپۆری سڕکردنی ئەم ئەرکانەی سەرەوە ئەنجام دەدا بە یارمەتی و هاوکاریکردنی لەلایەن پزیشکەکانی ئەم بەشە کە لەژێر ڕاهینانن (پزیشکی نیشتەجێی بواری سڕکردن – مقیم اقدم) و ستافی کارمەندی پزیشکی بەناونیشانی یاریدەری سڕکار .

**ماددەی (٣): چاودێری چڕ**

پزیشکی سڕکار یان پسپۆری چاودێری چڕ بەرپرسە لە یەکەی چاودێری چڕ وە شێوازی کارکردن و ئەرکەکانی بەم شێوەیەن:

١- داخڵ کردنی نەخۆش لە یەکەکانی دیکەی نەخۆشخانەوە وەکو بەشی پێشوازی فریاکەوتن ، یان هۆڵی نەشتەرگەری وهتد... ئەم نەخۆشانەش سەختترین باری تەندروستیان هەیە لە ناو نەخۆشخانە ، کە یەکێک یان زیاتر لە کۆئەندامەکانی جەستەیان لەکار کەوتوون ، یان خەریکە لەکار بکەون ، کە هۆکارەکەی دەشێت پێچەوانەبکرێتەوە.

٢- نەخۆشەکانی یەکەی چاودێری چڕ سەرپەرشتی و چارەسەر دەکرێن لەلایەن ئەو پزیشکەی ڕەوانەی کردوون(پسپۆری بوارەکانی هەناوی بێت یان نەشتەرگەری) بەهەرەوەزی لەگەڵ پزیشکی پسپۆری سڕکار کە بەرپرسی ئەم یەکەیەیە ، کە ئەرکە سەرەکییەکەی بریتییە لەچارەسەرکردنی کۆئەندامی هەناسەدان بە ئامێری هەناسەدەری میکانیکی دەستکرد و پاشان براندنەوەی نەخۆش لەم ئامێرە لە کاتی گونجاودا و بەپێی توانستی هەناسەی نەخۆش.

٣- پزیشکی پسپۆری سڕکار سەرپەرشتی ئەم یەکانە دەکەن ، و پزیشکانی نیشتەجێی دێرینی ئەم بوارە ئێشکگرییان هەیە لەم یەکەیە. وە پێویستە (٢٤)کاتژمێر پزیشکی نیشتەجێی دێرین لەم یەکە هەبێت .

٤- پزیشکی سڕکار لەم یەکەیە : دەرمان دەنوسێت بۆ نەخۆش ، دەیخاتە ژێر هەناسەدانی دەستکرد و لێی دەبڕێنێتەوە کە چاکبووەوە ، لە هەندێ کەیس ئامێری CRRT بەکارئەهێنێت بۆ پارێزگاری لە شکستخواردنی گورچیلەی کتوپڕ CRRT (CVVH) for acute kidney injury

٥- پزیشکی سڕکار هێڵی خوێنبەر invasive arterial دادەنێت ، یان هێلی پەستانی خوێنهێنەری ناوەندی CVP line ، وە ئامێری سۆنار بەکاردەهێنێت بۆ دانانی ئەم هێڵانە لە جەستەی نەخۆش ، وە بۆ هەندێک بارودۆخی تایبەت کە بە سۆنار دەستنیشان دەکرێت لەلایەن پزیشکی سڕکار POCUS point of c ar e ultrasound ، لەگەڵ بەکارهێنانی ئێکۆی چاودێری چڕ ، دۆپلەری سەر، راکێشانی شلەی ناو لەش بە ئاسانکاری سۆنار (شلەی سی،ناوسک، هتد.).

٦- پزیشکی پسپۆری سڕکار بڕیاردەری سەرەکیە بۆ داخڵکردنی نەخۆش و دەرچونیان لەم یەکەیە.

**ماددەی (٤): چارەسەری ئازار**

١- ئەو پزیشکەی کە کار دەکات لەم بوارە پێویستە هەڵگری بروانامەی باڵا لە پسپۆری ووردی لە پسپۆری چارەسەری ئازار (بۆرد , ماستەر, دبلۆمی باڵا).

٢- دەستنیشانکردنی هۆکاری ئازارە درێژخایەنەکە ، بۆ ئەم مەبەستەش داوای وێنەی پزیشکی دەکات وەکو MRI , CT-scan , X-ray تایبەت بە بڕبڕەی پشت و مل ، یان ناوچەی دیکەی جەستەی نەخۆش ، داوای هێڵکاری دەمارەکان دەکات ، داوای پشکنینی دیکەی تاقیگە دەکات ، و لەهەندێ کەیس نەخۆش ڕەوانەی پزیشکی پسپۆری بوارەکانی دیکە دەکات وەکو دەروونی ، دەمارزانی، نەشتەرگەری دەمار، ئێسک و شکان ، هتد... بۆ هەرەوەزی لە دەستنیشانکردنی حاڵەتەکە.

٣- ئەم جۆرە نەخۆشانە دەگرێتەوە : ئازاری نەخۆشی شێرپەنجە ، نەخۆشی ئازاری درێژخایەنی پاش نەشتەرگەری بڕبڕەی پشت Failed back surgery syndrome ، بەهەمان شێوە ئازاری دەمار ئەمانەش بەزۆری کێشەکانیان دەمارنەساغیە neuropathy ، یان جۆری دیکەی ئازاری دەمار وەکو ئازاری جەستەیی یان ئەندامی Somatic or visceral pain syndromes ، دەمارنەساغی بەهۆی ترازنی بڕبڕە ، ئازاری بڕبڕە، ئازاری جومگەکان ، ئازاری بەستەر و ماسولکەکان، ئازاریکرکڕاگە و ئێسک لە بڕبڕە و جومگەکان، لەگەڵ نەخۆشی فایبرۆمایالجیا.ئەم نەخۆشانە راستەوخۆ سەردانی بەشی ڕاوێژکاری ئازار دەکەن بۆ ئەنجامدانی پرۆسیجەری کەمزیان بەمەبەستی ئەوە کە ناچاری نەشتەرگەری کراوە نەبن و ئازارەکەیان نەمێنێت یان کەمبکرێتەوە.

٤- پرۆسیجەری چارەسەرکردنی ئازار : دەرزی لێدان بە دەرمانی تایبەت بە هێورکردنەوەی ئازاری دەمارنەساغی ، دانانی کاثێتەر لە بڕبڕەی پشت و مل ، ئەمانەش لەژێر بینینی راستەوخۆی ئامانجەکە ئەنجام دەدرێن بە ئامێری تیشکی فلۆرۆسکۆپ ، ئامێری سۆنار ، ئامێری سیتی سکان ، ئامێرەکانی هۆڵی قەستەرە ، وە بە بەکارهێنانی ئامێری ڕادیوفرێکوێنسی بۆ چارەسەرکردنی دەمارەکان ، یان سوتاندنی هەستەدەمار بەپێی بارودۆخەکە ، بەکارههێنانی ڕادیوفرێکوێنسی و کۆبلەیتەر بۆ ناو دیسکی کرکڕاگەی نێو بڕبڕەکانی پشت و مل ، لێزەری ناو دیسک ، پتەوکردنەوەی بڕبڕە بە ئەنجامدانی Vertebroplasty Kyphoplasty & ، دانانی ئامێری

Spinal cord stimulator & intrathecal Pump بۆ چەندین جۆری ئازار (شێرپەنجە و بڕبڕە بەگشتی) ، وە بەکارهێنانی پێبینی ناو بڕبڕە (نازور) Spine Endoscopy بۆ چارەسەرکردنی هەندێک حاڵەتی تایبەت بە ترازانی دیسک و فشاری سەر ڕەگەدەمارەکان ، لەگەڵ پرۆسیجەری دیکەی کەمزیان کە لە ئایندەدا سەرهەڵئەدەن بۆ چارەسەرکردنی ئازاری درێژخایەن ، ئەم بوارە پزیشکییە لە پێشکەوتنی بەردەوامدایە بەهۆی تەکنەلۆجیا سەردەم ، و هەر چەند ساڵ جارێک پرۆسیجەر و ئامێری نوێ ئاسۆی ئەم بوارە فراوانتر دەکات لەڕووی بژاردەکان بۆ چارەسرکردنی ئازاری نەخۆش بە شێوازی کەمزیان.

پرۆسیجەری شانە نۆژەنکردنەوەی پزیشکی Regenerative pain medicine بەهەمان شێوە ئەنجام ئەدرێت و یەکێکە لە کارەکانی پزیشکی ئازار وەکو Prolotherapy , Platelet Rich Plasma PRP injections وئینجێکشنی جومگەو ماسولکە و ژێیەکانی، چارەسەرکردنی بڕبڕە وجومگەکان بە گیراوەی مۆخی ئێسک کە دەوڵەمەندە بە قەدەخانە spine and joint injection with BoneMarrow aspirate rich with stem cells، بەکارهێنانی گازی ئۆزۆن و چەند پرۆسیجەری دیکەی هاوشێوە.

٥- پزیشکی ئازار بەپێی پێویست نەخۆش ڕەوانەی بەشی چارەسەری سروشتی دەکات وەکو تەواوکەرێک بۆ کارەکانی چارەسەرکردنی ئازاری درێژخایەن .

**ماددەی (٥): ئەرکە گشتیەکان**

١- پزیشکی سڕکار دەبێت پابەند بێت بە پرۆسەی فێرکردنی پزیشکیی بەردەوام ، بە بەشداربوون لەچالاکییە زانستییەکانی بوارەکانی پسپۆرییەکەیان .

٢- پزیشکی پسپۆر بەرپرسە لە فێرکردن و مەشق کردن بە پزیشکانی نیشتەجێی بەشەکەیان بۆبەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و کرداری لە کارەکانیان بۆ خزمەت کردنی نەخۆشەکانیان.

٣- پزیشکانی سڕکار بەرپرسن ( لە هۆڵی نەشتەرگەری و لە یەکەی چاودێری چڕ و لە یەکەی ئازاری درێژخایەن) لە داواکردنی دەرمان و ئامێرە پزیشکییەکان لە بەشەی دەرمانخانە و بەشی دابینکردن کە پێویستن بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان .

٤- هەماهەنگی لەگەڵ بەشە پزیشکییەکانی دیکە بۆ گەیشتن بە ئامانجی چارەسەری کێشەی نەخۆشەکان .

**ماددەی (٦): لێهاتووی پێویست:**

١- هەبوونی توانای زانستی کرداری لە بواری پسپۆڕی خۆی.

٢- هەبوونی توانای پلاندانان و ڕێکخستن و کاروباری تەندروستی و توانای بڕیاردان .

٣- شارەزایی لە ڕێنماییەکانی پزیشکی سڕکار.

٤- توانای کارکردنی هەبێت بە کۆمەڵ و هەماهەنگی کردن لەگەڵ تیمی کار وە هەروەها کارکردن بەشیوەیەکی سەربەخۆ .

٥- بوونی لێهاتووی پەیوەندیکردنی لەگەڵ نەخۆش و ستافی تەندروستی

٦- هەبوونی لێهاتووی پێشکەشکردنی چارەسەری پێویست بۆ کێشەکان .

٧- توانای هەبوونی بڕیاردان لە حاڵەتە ئاڵۆزەکان .

**ماددەی (٧): بڕوانامە:**

- پزیشکی پسپۆری سڕکار هەڵگری بڕوانامەی (بۆرد ،ماستەر ، دبلۆمی باڵا ).

- پزیشکی پسپۆری چاودێری چڕ هەڵگری بڕوانامەی (بۆرد ،ماستەر ، دبلۆمی باڵا ) باوەڕپێکراو بێت و یەکسانکرابێت.

- پزیشکی پسپۆری ووردی چارەسەری ئازار هەڵگری بڕوانامەی (بۆرد ،ماستەر، دبلۆمی باڵا) لەپسپۆری چارەسەری ئازار.

**ماددەی (٨):** ئەم ڕێنماییە کاری پێدەکرێت لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وقايعی كوردستان).

**د.سامان حسین بەرزنجی**

**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ١٢٣١٢ لە ٢٠٢٢/١١/١**

**ڕێنمایی**
**ژمارە(١٦)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**تایبەت بە کرێی دانانی تاوەر**

پاڵپشت بە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٩٨٠٨)لە ٢٠٢٢/٧/٤ و دوابە دوای هەردوو ڕێنماییمان ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و(١٢) ی ساڵی ٢٠٠٨ بڕیاردرا بە:-

١- ئەنجامدانی گرێبەستی کرێی ساڵانەی دانانی تاوەر لەگەڵ کۆمپانیاکانی مۆبایل وتۆڕەکانی گەیاندن بەپێی یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٢١ ( یاسای بە کرێ دان و فرۆشتنی مولک و ماڵی دەوڵەت ) لە هەرێمی کوردستان -عێراق .

٢- کارناکرێت بەهەردووڕێنماییمان ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و(١٢) ی ساڵی ٢٠٠٨.

٣- ئەم ڕینماییە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ١٢٧٨٤ لە ٢٠٢٢/١١/١٠**

**ڕێنمایی**
**ژمارە(١٧)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**هەموارکردنی ڕێنمایی ژمارە(٢٧)ی ساڵی٢٠٢٠**

پاڵپشت بە کۆنووسی لیژنەی دەرکردن و پێداچوونەوە بە ڕێنماییە داراییەکان ژمارە (٦٨) لە٢٠٢٢/١١/١ بڕیاردرا بە هەموارکردنەوەی خاڵی (١)ی ڕێنمایمان ژمارە(٢٧)ی ساڵی٢٠٢٠ بەم شێوەی خوارەوە:

١- بڕوانامەی بە دەستهاتوو لەگەڵ پسپۆری کارەکەی و وەزارەتەکەی و ئەو بڕوانامەی پێی دامەزراوە بگونجێت .

٢- وەزارەتەکەی پێویستی بە بڕوانامەکەی هەبێت .

٣- ڕەچاوی ڕێنماییەکانمان ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠١٠ و (١٣)ی ساڵی ٢٠١٤ و (١١)ی ساڵی٢٠١٦ و(١٥,٨)ی ساڵی٢٠١٧ بکرێت .

٤- خاڵەکانی تری ڕێنمایمان ژمارە(٢٧)ی ساڵی /٢٠٢٠ وەکو خۆی جێبەجێ دەکرێت .

٥- ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ١٢٧٨٤ لە ٢٠٢٢/١١/١٠**

**ڕێنمایی**
**ژمارە(١٨)ی ساڵی ٢٠٢٢**
**تایبەت بە هەژمارکردنی ڕاژەی پێشمەرگایەتی**

پاڵپشت بەهەر دوو ماددەی (١١،١٠) لە یاسای ڕاژە و خانەنشینی پێشمەرگە ( زێرەڤانی هەرێمی کوردستان) و ئاماژە بەبڕگەی (یانزەهەم) و پاڵپشت بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٧٥) لە ٢٠٢٢/١٠/٥ بەنووسراوی سکرتاریەتی ئەنجومەن ژمارە (١٥٠٩٨) لە ٢٠٢٢/١٠/١٦ بەدەستمان گەیشتووە و لە کۆنووسی لیژنەی دەرکردن و پێداچوونەوە بەڕێنماییە داراییەکان ژمارە (٦٨)ی لە ٢٠٢٢/١١/١ بڕیاردرا بە:-

١- بەدەرکردنی ئەوانەی  کە بەشداربوون لە بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلی کوردستان یان لەڕیزەکانی پێشمەرگەی کوردستان پێش ڕێکەوتی ١٩٩١/٣/٥ لە پێدانی لێبرینی خانەنشینی (توقیفات تقاعدیة ) بەدەر لەیاسای کارپێکراوی خانەنشینی لەهەرێمی کوردستان بۆ ماوەی کە لە پێش ئەو ڕێکەوتە بەخزمەتی وەزیفی بۆیان هەژمار دەکرێت لەبەر رۆشنایی یاسا بەرکارەکان بەتایبەتی یاسای ژمارە (٣٨)ی ساڵی ٢٠٠٧ .

٢- ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٧/١  ڕێکەوتی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لەمووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لەهەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ جێبەجێ دەکرێت و لەڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە .

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ١٢٧٨٤ لە ٢٠٢٢/١١/١٠**

**ڕێنمایی ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٢٢**
**بەدەرکردنی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی**
**لە ڕێنمایی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٢١**

پاڵپشت بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٧٧) لە ٢٠٢٢/١٠/١٢ بە نووسراوی سکرتاریەتی ئەنجومەن ژمارە (١٥٣٤٦) لە ٢٠٢٢/١٠/١٩ بە دەستمان گەیشتووە و ئاماژە بە بڕگەی (دەیەم) لە کۆنووسی لیژنەی دەرکردن و پێداچوونەوە بە ڕێنماییە داراییەکان ژمارە(٦٨)ی لە ٢٠٢٢/١١/١ بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی تایبەتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی بڕیاردرا بە :-

١- بەدەرکردنی کەس و کاری سەربەرزی شەهیدان و ئەنفالکراوان و بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی لە بڕگە(٢)ی ڕێنماییمان ژمارە (١٥)ی ساڵی / ٢٠٢١ کە پاڵپشتە بە ماددەی (١٤) لە یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٢) ساڵی/٢٠٢٠ .

٢- ئەم ڕێنماییەلە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**ئەنجومەنی دادوەری**

**ژمارە: ٧٢٥ لە ٢٠٢٢/١١/٢**

**بڕیاری ساڵی ٢٠٢٢**

لەسەر پێشنیاری سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی بە نووسراویان ژمارە (٥٨٦٠لە ٢٠٢٢/٣/٧) ئەنجومەنی دادوەری بە کۆی دەنگ بڕیاریدا بە :

- پێکهێنانی دادگای تاوانەکانی راپەرین لە ئیدارەی سەربەخۆ ڕاپەرین بۆ بینینی داوایەکانی سزایی بەپێی حوکمەکانی یاسا کە دەکەوێتە چوارچێوەی پسپۆریەکەی خۆی و لە سنوری ئیدارەی ئاماژە پێکراوی،
- ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت وە لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**دادوەر**
**عبدالجبار عزيز حسن**
**سەرۆکی ئەنجومەونی دادوەری**

---

**وەزارەتی داد**

**ژمارە: ١٢٣٦ لە ٢٠٢٢/١١/٨**

**بەیانی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢٢**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (٩) لەیاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣) ساڵی (٢٠٠٧) و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە :-

١- کردنەوەی (فەرمانگەی دادنووسی قوشتەپە) لە ناحیەی قوشتەپە سەر بە پاریزگای هەولێر.

٢- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**فەرسەت أحمد عبدالله**
**وەزیری داد**

**وەزارەتی داد**

**ژمارە:٤٣٩٨ لە ٢٠٢٢/١١/١٠**

**بەیانی ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٢٢**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (٩) لەیاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣) ساڵی (٢٠٠٧) و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە :-

١-کردنەوەی (هۆبەی بە دواداچوون) لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی دیوانی وەزارەتمان .

٢- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت وە لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**فەرسەت أحمد عبدالله**
**وەزیری داد**

---

**وەزارەتی داد**

**ژمارە: ٤٣٧٩ لە ٢٠٢٢/١١/٩**

**بەیانی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢٢**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (٩) لەیاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣) ساڵی (٢٠٠٧) و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە :-

١- ڕاگرتنی دەوامی فەرمی لە بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی دهۆک لە رێکەوتی (٢٠٢٠/١٢/١١) تاکو (٢٠٢٢/١٢/٣١) بە مەبەستی جەردی کۆتایی ساڵ .

٢- هەموو فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی دهۆک لە رۆژانی (٢٠٢٢/١٢/١١) تاکو (٢٠٢٢/١٢/٣١) لە دەوامی فەرمی خۆیان دەبن .

٣- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت وە لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**فەرسەت أحمد عبدالله**
**وەزیری داد**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە ٢٤٦١٤ لە ٢٠٢٢/١١/٢**

**بەیانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ٢٠٢٢**
**هێنانە کایەی قەزای (سیدەکان) و ناحیەی(بەرمیزە)**

پاڵپشت بە فەرمانی هەرێمی ژمارە (٣٢٩) لە ٢٠٢٢/١٠/٤ و فەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان / سەرۆک وەزیران ژمارە (٣٣٣٨ لە ٢٠٢٢/١٠/١٦) دوابەدوای نووسراومان ژمارە (١٨٤٠٠) لە ٢٠٢٢/٨/٢٥ و نووسراوی ئیدارەی سۆران ژمارە (٣٧)لە ٢٠٢٢/٦/١٩و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە مادده(٣)بڕگە(١) لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی٢٠٠٩ لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانەی خوارەوە:-

١- هێنانە کایەی قەزای سیدەکان لە سنوری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران .
٢- هێنانە کایەی ناحیەی(بەرمیزە)لە سنوری قەزای سیدەکان/ ئیدارەی سەربەخۆی سۆران .
٣- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی فەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان/ سەرۆک وەزیران ٢٠٢٢/١٠/١٦ جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢**

پاڵپشت بەم دەستەڵاتەی کە پێماندراوە بەپێی حوکمەکانی ماددەی (٥) لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ژمارە (٦)ی ساڵی(٢٠١٠) بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە:

١- ڕاگرتنی ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی(٢٠١٥) هەمووارکراوی ڕێنمای ژمارە(٥)ی ساڵی(٢٠١٤) تایبەت بە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٨.

٢- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**بێگەرد تاڵەبانی**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

---

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیانی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢) ساڵی (٢٠٠٧) بڕیارماندا بە:-

١- هێنانەکایەی (استحداث) کردنی (**خانەی بێ سەرپەرشتان**) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان / بەشی پارێزگاری خێزان بە مەبەستی جێگیرکردنی منداڵانی بێ سەرپەرشت لەو خانەیە لە سنوری ئیدارەی گەرمیان .

٢- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری لە سەر دەکرێت .

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

**بەیانی ژمارە (٥٤)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی (هۆبەی چاودێری کردنی ڕیکلامی پزیشکی) لەبەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/١٠/٢٤.

**بەیانی ژمارە (٥٥)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی (نەخۆشخانەی بیارە) لە ناحیەی بیارە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەڵەبجە .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/١٠/٢٦.

**بەیانی ژمارە (٥٦)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی (بنکەی تەندروستی ناوگردانی تانجرۆ) لە ناحیەی عەربەت سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/١٠/٢٧.

**بەیانی ژمارە (٥٧)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی (بەشی دامەزراوەکانی تەندروستی تایبەت) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی کۆیە.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/١١/٩.

**بەیانی ژمارە (٥٨)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی (بەشی دامەزراوەکانی تەندروستی تایبەت) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/١١/٩.

**بەیانی ژمارە (٥٩)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی (بەشی دامەزراوەکانی تەندروستی تایبەت) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەرین .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/١١/٩.

**د.سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

**بەیانی ژمارە (٦٠)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی (بەشی دامەزراوەکانی تەندروستی تایبەت ) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەڵەبجە .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/١١/٩.

**بەیانی ژمارە (٦١)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی ( بەشی دامەزراوەکانی تەندروستی تایبەت ) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆک.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/١١/٩.

**بەیانی ژمارە (٦٢)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی ( بەشی دامەزراوەکانی تەندروستی تایبەت) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/١١/٩.

**بەیانی ژمارە (٦٣)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی (بەشی دامەزراوەکانی تەندروستی تایبەت) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/١١/٩.

**بەیانی ژمارە (٦٤)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی ( بەشی دامەزراوەکانی تەندروستی تایبەت) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سۆران.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/١١/٩.

**بەیانی ژمارە (٦٥)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی ( بەشی دامەزراوەکانی تەندروستی تایبەت) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی زاخۆ.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/١١/٩.

**د.سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

بسم الله الرحمن الرحيم

**باسم الشعب**
**برلمان كوردستان - العراق**
**رقم القرار: ٢**
**تاريخ القرار: ٢٠٢٢/١١/١٦**

**قرار رقم (٢) لسنة ٢٠٢٢**

استناداً لحكم الفقرة (٢) من المادة (٤٣) قانون انتخاب برلمان كوردستان - العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، وبند (١ ، ٢) من الفقرة (ثانياً) من المادة (٢٥) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان، قرر برلمان كوردستان - العراق في جلسته الأعتيادية المرقمة (١٣) والمنعقدة بتاريخ ٢٠٢٢/١١/١٦ الآتي:-

**اولاً:** قبول استقالة السيدة (شايان كاكهصالح محمد) من عضوية برلمان كوردستان - العراق.
**ثانياً:** ينفذ هذا القرار من تأريخ أقراره في ٢٠٢٢/١١/١٦ وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**د. ريواز فائق حسين**
**رئيس برلمان كوردستان - العراق**